مستەفا
بێسارانی

«بێسارانی، شاعرێک کە لە هیچ شاعیرێك ناچێت و هیچ
شاعیرێکیش لە ئەو ناچێت »
بەر لەوەی ڕاستەوخۆ بڕۆینە نێو باسەکەوە سەبارەت بە
بێسارانی، باشتر وایە بە باسێک لە سەر ئەدەبیات، زمان،
شعر و ناوچەکە دەست پێ بکەین.

گووران

گووران گەورە «گۆران گەورە» و گووران بیوچک « گۆران بچووک»
«گۆران گەورە»

ئـەم ناوچـە لـە هەمـەدان و نەهاوەنـدەوە ئەگرێتـەوە تـا شـاری موسـڵ. « ئیلام، کرماشـان، سـنە، سـلێمانی، خانەقەیـن، بـەدرە، جەسـان، گەرمیـان، کەرکـووک، مووسـڵ» یانـی بـە جۆرێـک باشـووری کوردسـتان، بـەر لـە دابـەش بـوون.

وا دیارە ئایینی ئەم ناوچەیە یارسان « کاکەیی» بووە.
هـەر بـۆ نموونـە ووشـەی «کاکـە» کـە پێشـتر بـە وشـەی « کـەی» لـە نووسراوەکانـی یارسـاندا هاتـووە وەک « کـەی خـەسرەو، کـەی قۆبـاد، کـەی داوود...» و « بـاوا» وەک« بـاوا یـادگار، بـاوا داوود» و « پیـر» وەک « پیـر شـالیار، پیـر محەمـە و...» و تەنانـەت سـمێڵ وەک نیشـانەییک بـۆ

یەکتر ناسینەوە و زۆر دیاردەی تر کە زۆرتر لای گووران« گۆران» باوترە تا بەشی کرمانج و باکووری کوردستان.
بە پەی قسەی یارسانەکان، ناوەندی ئەم ئایینە « قەڵای زەڵم » لە ناوچەی شارە زوور کە ناو یارسانەکاندا بە « قەڵای مەرد» ناسراوە. دیسان بە پەی قسەی یارسانەکان وا دیارە لە چەند سەد ساڵی پێشوودا هێرش کراوەتە سەریان و بوون بە ٣ بەشەوە.

١- بەشێکیان هەڵهاتوون بۆ باکووری کوردستان و بوون بە « زازا» و زازاکانیش بەشێکیان بوون بە مۆسڵمان و بەشێکیان « عەلەوین» کە ئەکرێت هەمان یارسان بێت بەڵام بە گۆڕان کاریەوە.

٢- بەشێ تریش کە « هەورامی» یەکانن ئەگەڕێنەوە ناوچەی خۆیان و واز لە ئایینی یارسان ئەهێنن و ئەبن بە مۆسڵمان و زۆرتر لە تەسەوف نزیک ئەبنەوە.

٣- بەشێک کە یارسان ئەمێنێتەوە ئەگەڕێنەوە ناوچەی کرماشان « داڵاهوو» و ئەبێت بە « گۆران بچووک».

زمانی نووسراوەکانی ئایینی یارسان « هەورامی» بە وتەی یارسانەکان« ماچوو » یە بەڵام یارسانەکان ڕایان ئەوەیە ئەم زمانە « گۆرانی»یە و چۆن هەورامیەکان جودا بوونەوە لەو ئایینە، ناوی خۆشیان گۆڕی و کردیان بە هەورامی. یانی زمانەکە جێ ما بەڵام خۆیان ڕۆشتن.
هەموو ئەمانەش ئەکرێت لە نێوان شەڕی عوسمانی و سەفەوویدا ڕوویدا بێت و تا ڕادەیێکیش نزیک بوونەوەی ئەردەڵانەکان بە سەفەوویەکان، یانێ شێعەگەری و سۆفیگەری.

کەی و چۆن؟!

هێشتا بۆمان دەرنەکەتووە و ئەم بەشانەش کە لێرەدا ئاماژەی پێ کراوە، بەشێک لە ووت و وێژی نووسەری ئەم بابەتەیە لە گەڵ یەکێ لە ڕیشسپیدان و نووسەرەانی ئەم ئایینە بە نێو «عەزیز موراد ئەکبەری» کە خاون چەندین کتێبە و یەکێ لەو کتێبانەش کە ئێمە بە کارمان هێناوە، «آیین های باستانی ایران» ٥.

هەر چەن ئەم مێژووە ئەتوانێ وا نەبێت. بەڵام لانیکەم پرسیار درووست ئەکات بۆ لێکۆڵینەوەی زۆرتر.

عەزیز موراد ئەگێڕێتەوە کاتی خۆی چاوی کەوتووە بە مامۆستا «شێخ عێزەدین حسێنی». پێی ئەڵێ من گووڕانم. مامۆستا پێی ئەڵێ: کام گووڕان؟ گەورە یا بچووک؟ عەزیز موراد ئەڵێ: لەوێ بوو زانیم مامۆستا تا چ ڕادە ژیر و تێگەیشتووە.
هەروەها ئەگێڕێتەوە کاتی خۆی چاوی بە «مام جەلال» کەتووە و کە خۆی ئەناسێنێت و پێ ئەڵێ: من گووڕانم. مام جەلالیش پێ ئەڵێ منیش گووڕانم.

شێوازی نووسینەکانی ناوچەی گووڕان« گۆڕان»

ئەوەی گرنگە لەم باسەدا، شێوازی نووسین و ستایلی شیعری کتێبەکانی ئایینی یارسانە کە دوورە لە ستایلی شیعری « عروضی» کە هەموو شعری کلاسیکی فارسی بەم ستایلە نووسراوە و تەنانەت شعری کلاسیکی کوردی« سۆرانی» و «کرمانجیش» هەر بەم ستایلی « عروضی» نووسراە.
بەڵام شیعری « گۆران» وا نییە و ئەڕواتە خانەی شیعری «پەنجەیی یا بڕگەیی» کە شعرێکی هارمۆنیک و ڕیتمیکە و دوور نییە ووشەی « گۆرانی» بە مانای شیعر بە مووزیکەوە لەوە گیرابێت. یانی شێوازێک لە شعر و خوێندن نێسبەت درابێت بە خاوەنەکەیەوە. وەک چۆن ئەڵێن: ستایلی « Arabisc , Spanish...»

چۆن ئێمە لە لای سۆرانەکان و کرمانجەکان زۆرتر « بەیت بێژ، حەیران بێژ و بەندبێژ و .. » مان هەیە. کە ستایلی شعریەکانیان زۆرتر لە پەخشان و شعری ئازاد نزیکە تا شعری « پەنجەیی» کە شیعری گۆرانی پێ نووسراوە.
شعری پەنجەیی ستایلێکی شیعریە کە ئەوترێت « ئەوێستا» بەو ستایلە نووسراوە و یەکەمین کەس کە ئەم شێوازە شعرەی لە سەدەی نوێدا لە ئێران، زیندوو کردەوە، «ابولقاسم الهامی»یە کە بە «ابولقاسم لاهوتی» ناسراوە. کە کوردە و خەڵکی کرماشانە و سەر بە ئایین یاری یە. هەر چەند دوایی ئەبێ بە کۆمۆنیست و لە ئێران هەڵدێت و دوایش ئەبێت بە وەزیری ڕۆشنبیری وڵاتی تاجیکستان.
ئەو ١٥ ساڵ بەر لە « نیما یوشیج» باوکی شیعری نوێی فارسی، بەو شێوازە، شیعری نووسیوە. یانی شیعری پەنجەیی کە فارس پێی ئەڵێ « شیعری هجایی» هەر ئەوەش وای کرد کە نووسەران و شاعرانی ئەو کات پێیان وا بوو چۆن ابولقاسم لاهوتی شارەزای زمانی فەرانسە، ڕووسی، تورکی، ئینگلیسی یە، بۆیە بە ێستایلی وا ئاشنایی هەیە و توانیویەتی ئەو گۆڕانکاریە گرنگە لە ئەدەبیاتی فارسیدا پێک بێنێت.

لە کاتێکدا ئەو پێشتر بەو ستایلە، شیعری کوردی نووسیبوو.

تەناتەت لە گۆڕانکاری شیعری کوردیش لە سەر دەستی « شێخ نووری شێخ ساڵەح» و « عبدۆڵا گۆران» ئەم شێوازە شعرییە بە تەواوەتی کاریگەری هەبوو کە کاتی خۆی گۆران لە گۆڤاری ئازادی ژمارە ٤٩ ساڵ ١٩٦٠ بابەتێک لە سەر کێشی پەنجەیی ئەنووسێت بەڵام ئیتر لە سەری ناچن و زۆربەی ڕۆشنبیران و نووسەرانی ئێمە وایان زانیووە و نووسیوە کە گوایە کاریگەری مۆدێرنیتەی کاتی خۆی وڵاتانی دەوروبەر، ئەو گۆڕانکاریەی درووست کردووە.
ئەم شێوازە شعرییە لە شیعری « تەرانە» نزیکە و زۆرتر بەندەکانی پەنج پەنجین کە ١٠ ناسراوە و خاون ڕیتم و هارمۆنیە و ئامادیە بۆ ئەوەی بە گۆرانی بخوێنرێت.

زۆربەی شیعرە فۆلکلۆرەکان کە بە دەم گۆرانیەوە ئەخوێندرێت، شیعری پەنجەیین و بەم ستایلە نووسراون.

بۆ نموونە: ئێوارە وەختێ سێوەر ئەخرۆشێ
« ئێێ ١ وا ٢ رە ٣ وەخ ٤ تێ ٥ »
« سێ/ وەر/ ئەخ/رۆ/ شێ»
نەسرین باڵا بەرز مێخەک ئەفرۆشێ

بۆیەش پێ ئەڵێن پەنجەیی چۆن ئەکرێت « کێش، هێجا و سیلابەکانی» بە پەنجە بژمێردرێت.

با ئەوەش بڵێین کە بەر لەوەی وشەی « ترانە» بە جیاتی «شیعری گۆرانی» لە نێو فارسدا و لە سەدەی هاوچەرخدا بە کار بهێنرێت، مامۆستا بێسارانی لە سێسەد و وردەیێک ساڵ لەمەو پێش بەو مەبەستە بە کاری هێناوە. لە شعری فارسیدا « ترانە» بە شعری روباعی یا چووارینە گوتراوە نە بە شعری گورانی کە لە لاتین پێ ئەوترێت « Lyrik» کە لە « Lyra » کە نێوی سازێکی کۆنە، گیراوە.یانی شعرێک بە گۆرانیەوە لە گەڵ سازێک.

تافی دێوەزناو ...
تافی شەیدای عەشق، تافی دێوەزناو
بە سۆزی سەدای سازی تەرانە
مەشانۆ کۆکۆ مرواری دانە

مامۆستا بێسارانی

تاڤگەی *دێوەزناو ...
تاڤگەی شەیدای ئەشق، تاڤگەی دێوەزناو
بە سۆزی دەنگی «سازی تەرانە»
ئەپژنێت کۆ کۆ دانەی مرواری

*« ناوچەیێک لە ژاوەرۆ»

«بێسارانی بیرێک قووڵ و زمانێک سادە»

مستەفای بێسارانی کوڕی مەلا قوتبەدین کوڕی مەلا شەمسەدین ساڵی ١٠٥٣ی کۆچی (١٦٤٣ یان ١٦٤٤) لە گوندی بێساران لە ناوچەی ژاوەرۆ لەدایکبووە. سەرەتا لای باوکی و پاشان لە نۆدشە و پایگەلان و دواییش لە سنە دەرسی مەلایەتیی خوێندووە. دوای وەرگرتنی ئیجازە گەڕاوەتەوە بۆ بێساران و تا دوایی هاتنی ژیانی لە ساڵی ١١١٣ی کۆچیدا (١٧٠١ یان ١٧٠٢) وەک مەلای گوندەکە لەوێ دەمێنێتەوە لەسەر وەسیەتی خۆی لە گۆڕستانی پیرەهەژار لە نزیکەی سەوڵاوا بە خاکی ئەسپێرن.

مەبەست لەم کارە خستنە ڕوو و ناساندنی شعری بێسارانی و شعری پەنجەیی یا بڕگەیی و گرێ دانەوەی بێسارانی بە **ئەگەری**ئاییینی « یارسان» و لە هەموو گرنگتر زمانی سادە، ڕۆمانتیک و ڕەخنە گر و تۆند و یاغی ئەم شاعرە کە پێدەچێت شارەزا بە فەلسەفە و زانستی ڕۆژ بووبێت.
کەمتر شاعرێکی کوردی کلاسیک هەیە « تەنانەت نوێەکانیش» وەک «مامۆستا بێسارانی» ئەوەندە جەسوور و بێ پەردە ئێلمان گەل دینی بە تایبەت ئێلمان گەل ئێسلامی بە خزمەت بگرێت بۆ بەیانی ڕۆمانتیزم و تەنانەت هەستی ڕووت و دژایەتی دین و دوواکەتووی کۆمەڵگا.عێرفان لە شعری بێسارانیدا هیچ بەدی ناکرێت، بەڵکە زۆر ڕاشکاوانە و ڕوون و ئاشکرا لە بەرانبەریدا ئەوێستێتەوە.

ئەشق و ئەوین و خۆشەویستی لای بێسارانی زەمینییە و هیچ چتێکی ئاسمانی لای ئەو بەدی ناکرێت.

چوون جەماڵشەن ...
کەعبەی موعەززەم چوون جەماڵشەن
حَجَرالاسوَد خەت و خاڵشەن
سەرچەشمەی زەمزەم لەبی لاڵشەن
چین چین جەمەرەی خەیاتانی خام
حَجَرالاسوَد، مسجدالحَرام
نەمەردام تەواف مسجدالحَرم
عەرەفە و، مینا، بازاڕی زەمزەم
بکەردام جارێ ئیحرام بپۆشام
جامێ جە شەربەت زەمزەم بنۆشام

مامۆستا بێسارانی

وەکوو جوانیەکەیە وەکوو جوانیەکەیە
کەعبەی موعەززەم وەکوو جوانییەکەیە
حجر الاسود خەتی خاڵیەتی
سەرچاوکەی زەمزەم لێوی بەسراویەتی
چین چین *چەمەرەی قژی خاو
حجر الاسود، مسجد الحرام
نەمردایم تەواف مسجد الحرام
عەرەفە و مینا، بازاڕی زەمزەم
بمتوانیای جارێ ئێحرامم بپۆشایت
جامێک لەو شەربەت زەمزەم بنۆشیایت

*کۆ بوونەوویێک بازنەیی بۆ شینگێڕی. هەر چەن لێرەدا ئاماژە بە ئەو پارچە ڕەشەیەیە کە ئەدرێت بە سەر کەعبەدا. بێسارانی ئەوەی شوبهاندووە بە قژی یاری و حجرالسودیش بە خاڵی لای لێوی.

هەموو ئێلمان گەل حەج و کەعبەی بە خاڵی لێو و ئاوی زەمزەمی لێوی ئاڵی یارێک شۆبهاندووە و پێ خۆشە وەک چۆن لە ئێحرام لیباس لە بەر دەر دێنن و ڕووتن، خۆی ڕووتەو کاتەوە و تەوافی یار بکات و لێوی وەک زەمزەم بخواتەوە. ئاماژەی بێسارانی بە « عرفە کە کێوێکی تێدایە بە نێو« جبل الرحم» و «منا» یا منی سەرزەمینی ئارزووەکان» زۆر زیرەکانە و ئێرۆتیکە.

ماموستا بێسارانی لە ڕەدی حێجاب دا ئەمەش ئەڵێ:

شیرین شەرم نیەن ...
شیرین پەی خاسان، شەرت هەن، شەرم نیەن
پەی چێش مەواچان حیجاب خاس نیەن؟
جە ئافتاو خاستەر کەسێ کێ دیەن؟
ئەگەر پەی خاسان حیجاب خاس مەدی
ئافتاب و مەهتاب هیچ کەس نمەدی
کەسێ وێنەی تۆ شەم بۆ جەمینش
لازم پەروانان مەیان وە دینش
ئێمەیچ پەروانەی شەم شوناسانیم
پەڕ و باڵ سفتەی دینی خاسانیم
میللەتی پاک دین پێغەمبەرانیم
نەک جە تایفەی کەم نەزەرانیم
بنمانە جەمین نووری پاکتەن
ئەر تۆ پاکەنی، جە کێ باکتەن؟

ماموستا بێسارانی

شیرین شەرم نییە شیرین شەرم نییە
شیرین بۆ باشەکان شەرت هەیە بەڵام شەرم نییە
بۆچی ئەڵێن حێجاب باش نییە
کێ لە خۆرەتاو باشتری دیووە
کەسێک وەکوو تۆ شەم بێت نێو چاوانی
ناچار پەپوولەکان دێن بۆ بینینی
ئێمەیش پەپوولەی شەم شناسین
پەڕ و باڵ سووتاوی «دینی خاسەکان»ین
میلەتی « پاک دین» پەیغەمبەرانین
نەک لە تایفەی داخراوەکانین
رووی خۆت بنوێنە نووری تۆ پاکە
ئەگەر تۆ پاکی لە کێ باکتە

لێرە لە تەواوی ئێلمان گەل دین وەک پاک و پەیغەمبەر کەڵک وەر ئەگرێت تەنیا و تەنیا بڵێ حێجاب باش نییە و کەس هەیە لە خۆرەتاوی بێ حێجاب، جوانتری بینیبێت. ئاماژە بە « دینی پاک و دینی خاسان» بە جیاتی دینی ئیسلام یا هەر دینێک تر، ئەتوانێ ئاماژە بێت بە دینی « یارسان» کە بە دینی چاکان و خاسان یش ناوزەد کراون.

ماموٚستا بێسارانی

چراغ جەی دنیا ...
ئەوەند ئاواتم مەندەن جەی دنیا
وەرتەر جە مەردەن بە دیدەم بدیا
لەب وە بانی لەب لاڵی تۆم بنیا
هەر دوو بنیامان سەر وە یەک سەرین
کەردامان ڕازی ویەردەی وەرین
بدیام دەستی تۆم شیەن نە گەردەن
دەرسات مەواستم ئاوات وە مەردەن
بۆ بنیام نەبۆی زوڵف مشکینت
بکەردام تەواف کەعبەی جەمینت
باڵای وێم پەشتان باڵات بکەردام
حەسرەت نمەبی، ئەگەر بمەردام

ڕووناکییەکەم لەم دونیا ...
ئەوەندە ئاواتم ماوە لەم دونیا
بەر لە مردنم بە چاوم بمدیبایا
لێوم لە سەر لێوی داخراوی تۆ بنابایا
هەردووکمان سەرمان لە سەر سەرینێک بواتایا
باسی ڕازی پێشووترمان بکردایا
دەستی تۆم لە گەردەنمدا بدیبایا
هەر لەوێ ئاواتم بە مەرگ خۆم ئەخواست
بۆی قژی *مشکین تۆم بکردایا
تەوافی کەعبەی نێو چاوانتم بکردایا
بەژنی خۆم بهڵاندایت بە باڵاتا
ئەو کات حەسرەتم نەبوو ئەگەر بمرابام

*مشکین: بۆنێکی خۆش کە لە ناوسکی ئاسکێکی تایبەتدا هەیە

لێرەدا ئەبینین کە ئاواتێکی زەمینی و ئاشقانە چۆن کارێک ئەکات کە بێسارانی ئەیهەوێت « تەوافی کەعبەی» یار بکات.

ماموٚستا بێسارانی

چراغم شەهید ...
وەختێ وە نیگات مەکەریم شەهید
بۆ بەشقی خودای حەمید و مەجید
جە زوڵفی سیات یەک تایێ وەحید
بوزەم نە گەردەن بە وێنەی زوننار
بەو زوننارەوە بشوون وە مەزار
تائەر مەلەکان بیانیم وەسەر
وینان ئەو زوننار تۆم بەستەن کەمەر
شەرمی زوڵفی دێز سیات کەرانێ
عەزابی دۆزەخ پێم نەدەرانێ

ڕووناکیەکە شەهید...
کاتێ بە نیگات شەهیدم ئەکەیت
وەرە بە ئەشقی خودای حەمید و مەجید
تەنیا یەک تا لە زۆڵفی ڕەشت
ببەستە بە گەردەنمەوە بە وێنەی *زۆننار
با بەو زۆننارەوە بڕۆمە گۆڕەوە
با ئەگەر فریشتەکان هاتنە سەرم
ببینن ئەو زۆننارەی تۆ بەستووتە بە کەمەرمەوە
شەرمی زۆڵفی ڕەشی تۆ بیانگرێت
عەزابی جەهەنم پێ نەدەن

*زۆننار: بە چتێک ئەوترا کە مەسێحییەکان ئەیانبەست بە کەمەریانەوە. لە دینی ئێسلامدا ئەم کارە بە مانای ئێلحاد و کافر بوونە.

لێرەدا خۆی بە شەهید ئەزانێ ئەگەر بە دەستی یار بکۆژرێت و زولفی ئەو وەک زۆننار کە نیشانەی کافر بوونە ئەبەستێتە کەمەریەوە بۆ ئەوەی فریشتەکان شەرمەندە بکات و با ئەوەی کافر بووە بەڵام نەنێرنە جەهەنەم.

مامۆستا پێسارانی

دڵە هووناوان ...
وەس دەرەم نە جەرگ بەی تەور هووناوان
وەس شەهیدم کەر، یەندە بێ تاوان
وەس ناوم کەم کەر جە ناوی ناوان
وەس دەرەم نە جەرگ نێشی ئەڵماسان
وەس چوون قەسیم کەر جە زێد هەراسان
با وەس بکێشوون سزای اناالحق
با وەس بسۆزوون وە ئایر دۆزەخ

دڵم خوێناوە...
بەس جەرگم بدڕە بەم شێوە خوێناوە
بەس شەهیدم بکە ئەوەندە بێ تاوان
بەس ناوم لە نێو ناواندا ناهێنیت
بەس جەرگم ببڕە بە نووکی ئەڵماس
بەس وەکوو قەسیم لە خاکی خۆم بمترسێنە
با بەس بکێشم سزای *اناالحق
با بەس بسووزم بە ئاگری *دووزەخ

*اناالحق: بە مانای ئەوە دێت « من خودام» ئەم قسەیە بە ناوی منصور حلاج ەوە بەسراوەتەوە کە هەر بەم بۆنەوە لە دار درا.
*دووزەخ یانێ جەهەنەم

لێرەدا ئەبینین چۆن بۆ ئەشقێکی زەمینی خۆی تووشی اناالحق ئەکات و خۆی لە جەهەنەمدا ئەبینێتەوە.

مامۆستا پێسارانی

قیبلەم نمانا ...
تایێ جە گێسووش، پەنەم نمانا
دین جە دەستم سەند، زوننارم سانا
وەشی ئەی دنیا هیچ پێم نەمانا
هەی داد، هەی بێداد، هەی های، هەی هانا
تایێ بی بەی تەور ستەم نمانا
ئەر وەر دوو زوڵفان، دوو دەستەی کڵاف
شێخانی کەبیر، سۆفیانی ساف
مەشان نە مەزهەب تەمام بێ دینان
ئیمان مووەرشان، زوننار مەبینان

قیبلەم رووی نواند ...
تایێک لە زۆڵفی خۆی نیشانمدا
دینی لێم ئەستاند و زۆننارم پێ دا
خۆشی ئەم دونیایە هەمووی لێم ئەستاند
ئەی داد، هەی بێداد، هەی هاوار، هەی هانا
یەک تاڵ بوو بەم جۆرە ستەمی نواند
ئەگەر دوو زۆڵف و دوو دەستەی پەلکەی بێت
شێخی گەورە و سۆفیی ساف و پاک
لە مەزهەب و دین بە دەر ئەکرد
ئیمانیان ئەفرۆشت و زۆنناریان ئەبەست

هـەر وا کـە ئەبینیـن شـیعرەکە بـە « قیبلـەم» دەس پـێ ئـەکات. بـەلام قیبلەکـەی بێسـارانی ئاسـمانی نییـە بەڵکـوو زەمینییـە و پێشـی وایـە نـە تەنیـا ئـەو، بەلکـوو ئەگـەر شـێخ و سـۆفیەکانی گـەورە و پاکیـش ئـەو زۆڵفانـە ببینـن، لـە دیـن دەر ئەچـن. زۆرن ئـەو شـعرانەی کـە بێسـارانی بـە « قیبلـەم» دەس پـێ ئـەکات و یارەکـەی بـە قیبلـە ئەشـۆبهێنێت.
لێرەدا بەشێک لەو سەردێڕانە و کۆمەڵێک دێڕی تر ئەهێنینەوە بۆ زیاتر ڕوون کردنەوە.

قیبلەم داخەوە ...	مامۆستا بێسارانی	**قیبلەم بەداخەوە ...**
تۆ وەش بای، مەردم من بە داخەوە		**تۆ خۆش بیت، من مردم بەداخەوە**

قیبلەم نە خاوم ...	مامۆستا بێسارانی	**قیبلەم لە خەونمدا ...**
قیبلەم چە خێرتەن، نمەی نە خاوم؟		**قیبلەم خەیرە نایتە خەونم**

قیبلەم جە دووریت یەندە داخ وەردم	مامۆستا بێسارانی	**قیبلەم لە دووریت ئەوەندە داخم خوارد**
خەیاڵ بە داخی خەمان شاد کەردم		**خۆم بە خەیاڵی خەمەکان شاد ئەکەمەوە**

ئارۆ خەمانم چوون دەماوەند بی	مامۆستا بێسارانی	**ئەوڕۆ خەمەکانم وەک کێوی دەماوەند بوو**
دیدەی قیبلەی وێم بەندی شەوبەند بی		**چاوەکانی قیبلەکەی خۆم وەک شەو بەند ڕەش بوو**
واتم ئەی قیبلەم ئیمان و دینم		**وتم ئەی قیبلەم ئیمان و دینم**
من بە دیدەی تۆ دنیا مەوینم		**من بە چاوی تۆ دونیا ئەبینم**

لێرەدا جیا لەوەی کە ئەشقەکەی قیبلەیە بەڵکوو هەم ئیمانیەتی وهەم دینی.

ئەوڕۆ جە ئەڵحەد سەر مارۆ وە بەر	مامۆستا بێسارانی	**ئەوڕۆ لە ژێر بەردی قەبرەکەم سەر دێنمە دەر**
وە مەیلی تۆوە مەشوون وە مەحشەر		**بە ئێشقی تۆوەوە ئەڕمە مەحشەر**
جە بۆنەی تۆوە بەهەشت مەدان پێم		**بە بۆنەی تۆوە بەهەشتم پێ ئەدەن**
وەرنە چە کارەم؟ کێ زانۆ من کێم؟		**ئەگینا من چ کارەم؟ کێ ئەزانێ من کێم؟**

یانێ مەعشـووق ئەبـێ بـە دیوانـی مەحشـەر لـە کاتێکـدا لـە دینـی ئێسـلامدا وا هاتـووە لـەوێ خـۆدا دانیشـتووە و بڕیـار ئـەدات.

ئەر من نامو تۆم نە دەم زیا بۆ	مامۆستا بێسارانی	**ئەگەر ناوی تۆم لە دەم زیا بێ**
ئاهیر وە میحراب مزگیم نیا بۆ		**ئاورم لە مێحراب مزگەوت دا بێ**

لێرەدا زۆر بە سادەی مێحراب ئەسووتێنێت ئەگەر یار پێ وابێت تەنیا تاقە جارێ ناوی یار لە دەمی کەم بێتەوە.

سا دۆزەخ چێشەن؟ عەزابش جە کۆن؟
دۆزەخ هەر دۆزەخ دووریی باڵای تۆن

مامۆستا بێسارانی

جەهەنەم چییە؟ عەزابی لە کوێیە؟
جەهەنەم هەر جەهەنەم دووری باڵای تۆییە.

دووری یار لای جەهەنەمە نەک جەهەنەمێک کە دین باسی ئەکات.

ئیسە بە وێنەی دنیا پەرەستان
دنیا پەرەستم بە هەزار دەستان

مامۆستا بێسارانی

ئێستا بە وێنەی دونیا پەرەستەکان
دونیا پەرەستم بە هەزار دەستان

زۆر بە سادەیی و بە ڕوونی و هێزەوە ئەڵێت کە کەسێکی زەمینیم و دونیا پەرەستم نەک ئاخرەت پەرەست. یانێ لەم دونیا ئەژیت و بۆی گرنگ نییە ئایا دونیایێک تر هەیە یا نە.

ئەر لادێ باڵات نەوینوو بە چەم
مەشۆ، نە مەزهەب مەسیحای مەریەم

مامۆستا بێسارانی

ئەگەر ڕۆژێ باڵات بە چاو نەبینم
ئەڕۆمە سەر مەزهەب مەسێحی مەریەم

ئەوەندە دین و مەزهەب لای ئاسایی و سادەیە کە ئەگەر ڕۆژێ یار نەبینێت، زۆر بە سادەیی دینی ئەگۆڕێت. لە کاتێکدا گۆڕینی دین لە ئیسلامدا پێ ئەوترێ ئیلحاد و سزای مەرگە.

میحرابی ئەبرۆی دووتاش تاق بەستەن
پشتی چەند میحراب مزگی شکەستەن
هەر کۆ میحرابێ جە سەر جەمینەن
گشت پشت نە قیبلە، ڕوو نە جەمینەن

مامۆستا بێسارانی

مێحرابی دوو برۆی وەک تاق بەستراوە
پشتی چەن مێحرابی مزگەوتی شکاوە
هەر کوێ مێحرابێک لە سەر ڕوومەتە
پشتیان لە قیبلەیە و ڕوو لە ڕوومەتە

تاقی دوو برۆی یارەکەی نە تەنیا بەرابەری ئەکات لە گەڵ تاقی مێحراب، بەڵکوو پشتی تاقی مێحرابی شکاندووە و هەر کاتێک دوو مێحرابی والە سەر ڕوومەتێک بێت، خەڵک ڕووی لە ئەو ڕوومەتەیە و پشتی لە قیبلەیە.

شەوێ شەریفتەر جە سوبحی نەورۆز
ڕەوشەنتەر جە زوڵف، ماهی دڵ ئەفرۆز

مامۆستا بێسارانی

شەوێک شەریف تر لە بەیانی نەورۆز
ڕووناکتر لە زوڵفی مانگی دڵئەفرۆز

نەورۆزی بێ شەریف ترین ڕۆژ و شەوە لە کاتێکدا شەریف بۆ ڕۆژ و شەوە ئایینیەکان بە کار ئەبرێت.
بێسارانی لە بەشێک لە شعرەکانیدا بە زمانێک سادە بەڵام فەلسەفی بە یارمەتی وشەی «

کفر» ئەڕواتە شەڕی دینەوە و ڕەخنە لە دین و دینداران و بە تایبەت دوو ڕووان و ڕیاکاران ئەگرێت. ئەمەش مۆنۆلۆگی خۆی و دڵیەتی کە ئەیهەوێت زەمینی بمێنێتەوە.

=لێرەدا بەشێک لەو شعرانەش ئەهێنینەوە.

ڕۆیێ سوپای کوفر دیم نە دەوری دین
دڵ دەر لاد کافر، پشت کەرد نە یەقین
زوننار وست نە دۆش ناقووس گێرت بە دەست
شی نە خاکپای پیری مەی پەرەست
جامێ جە شەراب عەشقی بت نۆش کەرد
حەرفی دین جە لەوح دڵ فەرامۆش کەرد
ڕووم کەرد نە ڕووی دڵ خەیلێم کەرد مەنا
کێ بەردەن وەسای بت پەرەست پەنا؟
پێسە بێ پەروا وێنەی پەروانە
وێت مەدەی نە شەوق سەیری بتخانە؟
دڵ وات بەو کوفرە نە دین بەستەن دەور
من بێزارەنان جە دینت بەی تەور
سوب جە بتخانە دەروون پڕ جە جۆش
شێوەی شیرینی بادەی بادە نۆش
خاستەرەن جە دین ڕیا کەردەی تۆ
ڕەنجی ئاخر، هیچ بەر نەوەردەی تۆ

مامۆستا پێسارانی

ڕۆژێک سپاهی کفرم بینی دەورەی دینی دابوو
دڵ پشتی کرد لە یەقین و هەر لەوێ کافر بوو
زۆنناری بەست لە شان و ناقووسی گرتە دەست
بوو بە خاکی بەر پێ پیری مەی پەرەست
جامێک لە شەرابی ئەشقی بتی نۆشی
وشەی دینی لە سەر تابلۆی دڵ سڕیەوە
ڕووم کرد لە دڵ و زۆری لێ پاڕامەوە
وتم: کێ بە بت پەرەست پەنای بردووە
ئاوا نەترس و بێ باک وەکوو پەروانە
خۆت ئەدەیتە دەست سەیری بتخانە
دڵ وتی: بەو کفرە دەورەی دینی داوە
من بێزارم لە دینی ئێوە ئا بەم جۆرەوە
بەیانیان لە بتخانە دەروونم پڕ لە جۆش
وەکوو شیرینی بادەی بادە نۆش
باشترە لە دینی ڕیایی تۆ
ڕەنجی بێ سەمەری کۆتایی تۆ

لەمە سادەتر و ڕوون تر ناکرێت پرسێک فەلسەفی وەک کفر و دین ئاوا بەیان بکرێت و سەیریەکەی لەوە دایە کە سوێند ئەخوات بە کفر: دڵ وتی: بەو کفرە دەورەی دینی داوە

ڕۆیێ کوفر دیم، ڕووی ئیمان مەگێرت
دڵ جە دین بەرشی، دینی تەرسا گێرت
پشت کەرد نە مەزهەب، عالمانی دین
ڕوو نە بتخانە زوننار بەست یەقین
ناقووس گێرت بە دەست، سازی گەبری ژەند
ئیمان دا بە کوفر، دینی تەرسا سەند
واتم هەی دڵە بێ پەروا جە گشت

مامۆستا پێسارانی

ڕۆژێ کفرێکم بینی ڕووی ئیمانی گرتبوو
دڵ لە دین دەرچوو و دینی مەسیحیەتی گرت
پشتی کرد لە مەزهەب عالمانی دینی
ڕووی کرد لە بتخانە و زۆنناری یەقینی بەست
ناقووسی گرتە دەستەوە و سازی زەرتەشتی ژەند
ئیمانی دا بە کفر و دینی مەسیحیەتی گرد
وتم: ئەی دڵە بێ باک و پەروا لە گشت

مامۆستا پێسارانی

کێ جە دین بەرشی، ڕوو کەرد نە کەنشت
گێرتەنت بە دەست سازی نەسرانی
هەر سوب سوجدەی بت بە ناقووس وانی
دڵ وات بە کەسێ دانا بە گشتەن
بەرشیم جە دینت ڕوو نە کەنشتەن
هەر سەحەر نۆشای بادەی سافی مەست
حەڵقەی زولفی دۆس زوننار بەستەن قەست
خاستەر جە سوجدەی ڕیا بەردەتەن
ڕەنجی سەد ساڵەی جێ نەوەردەتەن

کێ لە دین دەرچووە و ڕووی کردووەتە *کەنشت
کرتووتە دەستەوە سازی *نەسرانی
هەموو بەیانییێک بە ناقووسەوە کرنۆش بۆ بت ئەبەیت
دڵ وتی: بە کەسێک دانا بە هەموو چتە
لە دینی تۆ دەرچووم و ڕووم کردووە لە کەنشت
هەموو بەیانییێک بادەی سافی مەست ئەنۆشم
دایرەی زۆلفی یار زۆننار بە دەستم
باشترە لە سەجدەی ڕیا کارانەی تۆ
ڕەنجی سەد ساڵەی بە هیچ کوێ نەگەیشتووی تۆ

*کنشت: مزگەوتی یەهوودیەکان
*نەسرانی: مەسیحیەت

لێرەشداهەمان مۆنۆلۆگی ڕەخنەگرانەی دڵ و ژیان و خۆشگۆزەرانییە لە گەڵ دین و دینداران و ڕیاکاران.

مامۆستا پێسارانی

زلێخام زوننار ...
پەرێ دینی تۆ، بەستەنم زوننار
بێ خەوف جە تانەی ڕەقیب و ئەغیار
ها شیم نە مەزهەب تایفەی کوففار
چوون شێخی سەنعان بەرشیام جە دین
پۆشام خەرقەی کوفر، تەرسای بێ ئایین
نەڕای دینی تۆ ها بەستم کەمەر
بەرشیام جە دین خودا و پێغەمبەر
پەی چێش؟ پەی حەڵقەی زولفی پڕ چینت
تاریکیی کوففار، دەوری جەمینت
تا کە بواچان نەڕووی سەرزەمین
کەسێ پەی کەسێ بەرشیەن جە دین
هیچ نەداروون باک تۆم قبووڵ کەردەن
هەر تۆم خەیاڵەن، تا وە ڕۆی مەردەن
وەگەرنە تۆ هیچ حاڵم نەزانی
بە وێنەی مەجنوون داخ پێم مەنمانی
ئەوسا جەو دما وەسێتم خاکەن

زڵەیخام زۆننار ...
بۆ بینینی تۆ زۆننارم بەستووە
بێ ترس لە تانەی ڕەقیب و بێگانە
هاتوومەتە سەر مەزهەبی تایفەی کافرەکان
وەک شێخی سەنعان لە دین وەرگەڕاوم
جلی کفر و مەسیحیەتم لە بەر کردووە
لە ڕێگەی بینینتدا کەمەر بەستی تۆم
وەرگەڕاوم لە دین خودا و پەیغەمبەر
بۆ چی؟ بۆ دایرەی زۆڵفی پڕ چینت
ڕەشپۆشی کافرەکان دەوری نێو چاوانت
با باسی بکەن لە سەر زەوین
کەسێک بۆ کەسێ وەرگەڕا لە دین
هیچ ترسم نییە تۆ هەڵبژاردەمی
هەر تۆ بیر و خەیاڵمی تا ڕۆژی مردن
ئەگینا تۆ حاڵم پێ نازانیت و
وەک مەجنوون داخم بۆ ناخۆیت
جا ئەو کات وەسیەت ئەکەم بمنێژن

تا مەرگ سامان دیدەم نمناکەن
تا ئەو ڕۆ خاکم بشۆ نە دیدە
ئەراگێڵێ تۆم، لەب بەرگوزیدە

مامۆستا پێسارانی

تا ڕۆژی مەرگ سەرمایەی چاوم فرمێسکە
تا ئەو ڕۆژەی خاك دامئەپۆشێت
ئاوارەی تۆم ئەی لێو دانسقە

لەم شعرەدا زۆر بە جوانی ڕۆمانتیسم، ئێلحاد، فەلسەفە و یار بە سادەیی و زمانێکی شاعیرانە ئاوێتەی یەکتر بوون. هەموو ئەمانەش بۆ ئەوە کە لە پرسیارێکدا خۆی جوابی ئەداتەوە: بۆ چی؟ بۆ دایرەی زۆڵفی پڕ چینت

یاران ڕای تەواف ...
ڕۆیێ دڵ کەردش، عەزمی ڕای تەواف
نۆشا جامی عەیش، گێلا قاف تا قاف
پەی کەعبەی مەقسوود، ڕەوزەی نووری ساف
چەند گێلا وە کۆ، هەر شەو بێ یاوەر
بارکێشی مەینەت، پڕ جە سەودا سەر
چەند جە کلیسا، چەند جە خانەقاهـ
چەند جە مەیخانەی مەستانی مەی خاهـ
وێش موجەڕڕەد کەرد، پەی مەقسوودی خەیر
تا هەفت تەبەقەی زەمین کەردش سەیر
چەند بە فیکر وێنەی هەیئەتی پەروەر
گێلا هەفت گەردوون، گەردان سەراسەر
هەرچی مەوجوود بێ نە کانی عەدەم
دڵەی مرادجۆ، لێش نیا قەدەم
ئاخر یەند گێلا، نەدیش جە جایێ
پەیدا بۆ پەی دین، مەقسوودش ڕایێ
هانا بە جەستەی خەستەی کەفتەی وێش
شەو تا ڕۆ جە عیشق، تەن نەسرەفتەی وێش
بە سینەی پڕ دەرد، بە دڵەی پڕ هوون
بە فکری تەمام، سەر بەرد نە دەروون
سا کە دڵ زاناش، مایەش جە چێشەن
جۆیای جانفیدای قیبلەگای وێشەن

مامۆستا پێسارانی

یاران ڕێگەی تەواف...
ڕۆژێ دڵ بڕیاری تەوافی دا
پەیکی خۆشگوزەرانی خوارد و گەڕا *قاف بە قاف
بۆ پەیدا کردنی کەعبەی مەبەست، بەهەشتی رووناک
زۆر بە تەنیا کێو بە کێو گەڕا
بە سەرێکی پڕ پرسیارەوە زەحمەتی زۆری کێشا
بڕێ جار لە کلیسا و بڕێ جار لە خانەقا
بڕێ جار لە مەیخانەی مەستان مەیخواز
خۆی تەرخان کرد بۆ گەیشتن بە مەبەستی باش
تا هەفت تەبەقەی زەمینی سەیر کرد
جار جار بە وێنەی کەسێکی بۆ پەروەردە کردن
گەڕا هەفت گەردوون و گەڕا سەراسەر
هەر چی زیندەوەرە لە رووی سەرزەوی
دڵەی پڕ پرسیار ڕووی کرد لە هەموو شوێنێک
هەر چەند گەڕا شوێنێکی نەدۆزیەوە
مەبەستی دین بێت و بۆ دین بێت
پەنای هێنا بە گیانی هیلاکی خۆی
شەو تا ڕۆژ لە ئەشقا سووتای خۆی
بە سینەیێک پڕ دەرد و دڵێک پڕ خوێنەوە
بە بیرێکی تەواوەوە سەری بردەوە ناو خۆی
کاتێ دڵ زانی سەرمایەکەی چییە
ئەوکات زانی گیانفیدای قیبلەکەی خۆیەتی

*قاف: کێوی قاف. کێوێکی ئەفسانەییە

لێرەدا بێسارانی سەر و بنی زەوی و بتخانە و مەیخانە و دینەکان ئەدات بەڵام لە کۆتاییدا دێتەوە سەر قیبلەی یار و خۆشەویستەکەی خۆی نە دین و باوڕ و نۆرمەکان.

ناڵەی دەردەدار، بی ئاخ نمەبۆ
دەروونی عاشق، بێ داخ نمەبۆ
عاشق تا دەمی جەفاش نمەبۆ
بێ جەفا، هەرگیز سەفاش نمەبۆ
گوڵ جە گوڵستان بێ خار نمەبۆ
بولبول جە عەشقش بێزار نمەبۆ
هەر کەسێ عەشقش ڕەفیق نمەبۆ
واسڵ بە تەریق حەقیق نمەبۆ
مەحزوونی عاشق، بێ یار نمەبۆ
عاشقان بێ یار، مودار نمەبۆ
تا مەجاز نەبۆ، حەقیق نمەبۆ
حەقیق بێ مەجاز، تەحقیق نمەبۆ
شێوەی مەجنوونی، بێ لەیل نمەبۆ
کۆکەنی فەرهاد، بێ مەیل نمەبۆ
هەرکەسێ جە عەشق دڵشاد نمەبۆ
دەری خەیر پەرێش، گوشاد نمەبۆ

مامۆستا بێسارانی

ناڵەی کەسێکی دەردەدار بێ ئاخ نابێت
دەروونێکی ئاشق بێ داخ نابێت
ئاشق تا جەفای نەبینیبێت
بێ جەفا هەرگیز سەفای نابێت
گوڵ لە گوڵستان بێ خار نابێت
بوڵبوڵ لە ئەشقی بێزار نابێت
هەر کەس ئەشقی هاوڕێ نەبێت
پێ لە ڕێگەی ڕاستی نانێت
غەمگینی ئاشق بێ یار نابێت
ئاشقان بێ یار توانایان نابێت
تا *«مەجاز» نەبێت« حەقێقی» نابێت
حەقێقەت بێ مەجاز ڕاستی نییە.
شێوەی مەجنوونی بێ لەیلێ نابێت
کێو کەندی فەرهاد بێ خواست نابێت
هەر کەس کە خۆشی ئەشقی نەچەشتبێت
درگای خۆشی و باشی بۆی کراوە نابێت

*حەقیقەت و مەجاز. پرسی سەرەکی عرفان و سۆفیگەریە. لە عێرفاندا باس ئەوەیە کە بێ ئەشقی حەقیقی ئەشقی مەجازی نابێت و مانای نییە. ئێمە ئەبێت دەستمان بگات بە ئەشقی حەقیقی. ئەشق یانی ئەشقی حەقیقی.

لە کاتێکدا لێرەدا بێسارانی هەموو ئەمانە ڕەد ئەکاتەوە و پێی وایە بێ ئەشقی مەجازی کە ئەشقی زەمینی و ئینسانییە، هیچ چتێک مانای نییە.

ساقی مەی داریم ...
ئارەزووی نۆشای جامێ مەی داریم
هەر شەو تا سەحەر ناڵەی نەی داریم
پەی نۆشای جامێ، ڕەنگ چوون بەی داریم
مەتەرس جە تانەی حەسوودانی بەد

مامۆستا بێسارانی

مەیگێڕ مەی مان هەیە...
ئارەزووی نۆشینی پەیکێ مەی مان هەیە
هەر شەو تا بەیان دەنگی نەی مان هەیە
بۆ نۆشینی پەیکێ، ڕەنگمان وەک بەی زەردە
مەترسە لە تانەی حەسوودانی خراپ

جامێ مەی مەکەر، جە عاشقان ڕەد
سەحەر سوراحی سوجدە وە جام بەر
جەو پەی عارفان جە عەقڵ و فام بەر
مەی ئاقیق ئاسا، نە جامی تەڵا
پەی ئاوێنەی دڵ مبۆ بە جەڵا
ئەوسا دەور مدەی، ساقی جام وە جەم
با جە زوڵفت دا، زەڕیۆ نەبۆ کەم
پەی چێش ئەی مەجلیس شادیی نام دارۆ؟
هەر کەس خەمینەن، خەمش مویارۆ

مامۆستا بێسارانی

پەیکێ مەی لە ئاشقەکان درێغ مەکە
بەیانی کرنۆش بۆ شۆشەی مەی ببە
عەقڵ و بیری عارفەکان ببە
مەی ڕەنگی ئاقێق لە جامی زێڕدا
بۆ ئاوێنەی دڵ ئەبێت بە جەلا
ئەو کات مەیگێڕ مەی ئەگێڕێت
با لە زۆڵفی تۆ یەک تاڵ کەم نەبێت
بۆچی بەم دانیشتنە ئەڵێن شادی؟
هەر کەس غەمگین بێت، غەمی ئەوەڕێت.

لێرەدا بێسارانی ڕێک باسی مەی خواردنەوە و بەزمی شادی ئەکات و لە کۆتایی شیعرەکەشدا بە جوابی پرسیاری خۆی ئەڵێت کە ئەم دانیشتنانە، بەزمی شادی و خۆشی و خەم ڕەوێنە.

شیرین بەینت بەست ...
مەر یادت مەیۆ، ئەوڕۆ بەینت بەست؟
دەستی ڕاست نیای بانی دیدەی مەست
تەبەسومت کەرد، لیوی لەعلت گەست
من بەو شەرت و بەین بەستەی هەر جاران
تۆم کەرد وە سەنەم، وێم چوون ڕەهبانان
مەزهەبی میللەت مەسیحای مەریەم
دەردم، دەر ساعەت، ئاوەردم بەهەم
زاهیدان زانان، زاهیر بی نە عام
شیرین بەندەیۆش سەندەن پەی غوڵام
ئیسە یە چێشەن؟ موژەت شەڕ دارۆ
جە چارەت غەزەب، عەزا مەوارۆ
بێزاریت واستەن، جەی کەمتەر بەندە
غوڵامی جە وێت کەردەن ڕەوەندە
حەیفم هەر ئیدەن، حووری حوورلەقا
شەرت داران وانان تۆ وە بێ بەقا

مامۆستا بێسارانی

شیرین پەیمانت بەست...
مەگەر لە بیرت نییە ئەو ڕۆژە پەیمانت بەست
دەستی ڕاستت دانا لە سەر چاوی مەستت
بزەیێکت کرد و لێوی سووری خۆتت گەست
من بەو شەرت و پەیمانەت هەموو جارێک
تۆم کرد بە بت و خۆم وەک *ڕاهێبەکان
چوومە سەر مەزهەب مەسێحی مەریەم
بڕیار خۆمم دا هەر لەو کات و ساتەدا
دونیاپارێزان پێمیان زانی و لێمیان ئاشکرا کرد
شیرین بەندەی خۆی بە غۆڵامی گرتووە
ئێستە ئەمە چییە؟ برژانگت شەڕ ئەکات
لە ڕۆخسارت غەزەب و پرسە ئەبارێت
بێزار بوویت لەم بەندەی بچووکتە
ئەم غۆڵامەت لە خۆت دوور کردووەتەوە
حەیفم لێ دێت حۆری حۆرلەقا
پەیمان دارەکان تۆ بە بێ وەفا ئەزانن

*ڕاهێب: کەسانێک کە خزمەتی کلیسا ئەکەن و لە ژینی شەخسی دوورن.

بێسارانی لەم شیعرەدا زۆر بە جوانی باسی ئەشق و پەیمانی دڵدارەکەی ئەکات و هەر لەوێش بە فۆرسەتی زانییوە ڕەخنەیێک لە دین و دونیاپارێزان بگرێت.

مەبۆ نەبۆش ژەنگ ...
ئاینەی عاشق مەبۆ نەبۆش ژەنگ
هەم نەبۆ مایە، یەک ڕەنگیش، دوو ڕەنگ
هەم نەبۆ جە جەور جەفای نەنگ، بە تەنگ
بە وێنەی فەرهاد یەکتا بەندە بۆ
نەقشی نێش جەڕووی سەنگ کەندەبۆ
با ئەو شەو و ڕۆ، هەر ئێد بۆ کارش
شەو بە زوڵف زانۆ، ڕۆ بە ڕووی یارش
هەر کەس دەردی عەشق بەی تەور مەویارۆ
شەرتەن پێش واچان، مایەی نوور دارۆ

ماموستا بێسارانی

نابێ ژەنگی هەبێت ...
ئاوێنەی ئاشق نابێت ژەنگی هەبێت
ئەبێت دەروونێکی یەک ڕەنگی هەبێت
نابێت ناسازگاری ڕۆژگار دەروونی تەنگ کردبێت
وەکوو فەرهاد یەکەناس بێت
نەقشی ئێشەکانی بە سەر بەرد دا ڕشتبێت
ئەبێت شەو و ڕۆژ کاری ئەوەبێت
شەو بە زوڵفی یار و ڕۆژیش بە ڕووی یار بزانێت
هەر کەس ئێشی ئەشق بەم جۆرە دەر کات
بە دڵنیایەوە پێ ئەیژن کەسێکی نوورانییە

زۆر بە جوانی و دەروون ناسانە ئاماژە بە ئەوە ئەکات ئەگەر دەروونێک ژەنگی هەبێت یا تووشی گرێ و تەنگی و نا ڕوونی بێت و نەتوانێت ئێشەکانی خۆی نەڕژێنێتە دەرەوە و بگرە نەیکات بە هۆنەرێک وەکوو فەرهاد کە بە سەر بەرد دا کردی، ناتوانێ ئاشق بێت و ئەگەر هەموو ئەوانەی کرد بە دڵنیایەوە پێ ئەڵێن کەسێک نوورانی کە ئەم وشە زۆرتر بۆ کەسانی دینی و ئایینی بە کار ئەبرێت نەک بۆ ئاشقان.

مەولام دەردشەن ...
تافی دێوەزناو، عەجەب دەردشەن
پرشنگ مەشانۆ ڕۆی نەبەردشەن
پەرێ وەسڵی دۆست ئاهی سەردشەن
بەبێ دەست و پا، سافی بێ جەستە
تەن پارەپارە، دەروون شکەستە
جە تافی قەڵوەز، وێش مەوزۆ بەوار
مەگنۆ وەرووی سەنگ، قەترەی خۆشگەوار
زارزار مەناڵۆ چوون زامەت داران
جەو پەی ڕەوانیش بەبێ موداران
مەشنۆ وە نەغمەی سازی ڕەزباری

ماموستا بێسارانی

***مەولام دەردی هەیە...**
تاڤگەی دێوەزناو چ دەردێکی هەیە
پرشنگ ئەوەشێنێت و خەریکی شەڕە
بۆ گەیشتن بە یار ئاهی سەردە
بە بێ دەست و پێ، ڕووناک و بێ جەستە
گیانی لەت لەت و دەروونێکی شکاو
لە بەرزایی تاڤگەیێک خۆی ئەخاتە خوارەوە
ئەکەوێتە سەر بەردەکان دڵۆپی ئاوی شیرین
وەکوو دەردەدارەکان فرمێسک فرمێسک ئەگرین
هەوا نا ئارامە بۆ ڕەوانییەکەی
دەنگی سازی *ڕەزباری ئەبیستێت

	ماموّستا بێسارانی	
مەوزۆ وە کەنار سپی مرواری		**مرواری سپی ئەخاتە کەنارەوە**
جێش مەیۆ سەدای دەنگی زەمانی		**دەنگی زەمان لە تاڤگەکەوە دێت**
مواچۆ جە فیراق، ڕازی نیهانی		**باسی جۆدایی و رازی نهێنی ئەکات**
دایم نە سەیرەن وەقتی سوبح و شام		**شەو و بەیانی لە گەردش دایە**
ڕوو وە کەسێشەن، نەدارۆ ئارام		**ڕووی کەسێکە و ئارامی نییە**
سا مەگەر وەقتێ بگێرۆ قەرار		**مەگەر کاتێک ئارام بگرێت**
غەڵتان بوو فانی واسڵ نەپای یار		**کاتێ بڕژێتە بن پێ یاری**

*ڕەزبـار: خاتـوون دایـراک نـاسراو بـە ڕەزبـار دایکـی سـوڵتان سـەحاک گـەورەی ئاییـنـی یارسـان. ئێستەش ڕەزبـار بـووە بـە نازناوێـک بـۆ ژنـان چالاکـی ئاییـنـی یارسـان.

*مـەولا: خـودا، گـەورە. لـە ئاییـنـی یارسـان مـەولا بـە ڕابـەری دینـی و گـەورە دینـی ئەوترێـت کـە ئەتوانـێ کەسـێکی بێـت زەمینـی و زیندوو.

لێرەدا بێسـارانی چـەن ئاماژەیێـک بـە ئاییـن یارسـان ئەکـەت. یارسـانەکان کـە باوەڕیان بە بەهەشـت و جەهەنـەم نییـە، بـە خۆداکەیـان ئەڵێـن: مـەولا. وشـەی مـەولا و ڕەزبـەر دوو ئامـاژەن بە ئایین یارسـان.

دیسان ئاماژە بە وشەی مەولا.

	ماموّستا بێسارانی	
مەولام گوڵ خونچەی، ساوا، نەشکوفتە		**مەولام گوڵ غۆنچە، ساوا، نەکراوە**
سەودای چەند بوڵبوڵ تێدا نەهوفتە		**سەودای چەن بۆلبۆڵ تێدا نهێنییە**

	ماموّستا بێسارانی	
مەولام بۆ ڕاێ بواچە تەدبیر		**مەولام بۆ جارێک ڕێگە چارەیێک بڵێ**
زیندەگیم شیەن نە بەندی زنجیر		**ژیانم لە کۆت و زنجیردایە**

	ماموّستا بێسارانی	
چراغم بە چین...		**ڕووناکیەکەم بە چین...**
ئەر چینی زوڵفت بدەو بە ماچین		**ئەگەر چینی زۆڵفەکانت بدەم بە ماچین**
ئەر یەک تای زوڵفت بدەو بە گرد چین		**ئەگەر تاییێک زۆڵفت بدەم بە گشت چین**
کافر بو ئازیز بەر بشو جە دین		**کافر بم ئازیز وەرگەڕێم لە دین**
ئەر قەوسی ئەبرۆت بدەو بە حیجاز		**ئەگەر کەمانی برۆت بدەم بە حێجاز**
ئەر موژەی دیدەت بدەو بە شیراز		**ئەگەر برژانگت بدەم بە شیراز**
ئەر بەینت بدەو بە خەتا و خوتەن		**ئەگەر پەیمانت بدەم بە خۆتەن**
ئەر ڕێزەی ڕازت بدەو بە ئەرمەن		**ئەگەر شیرینی دەمت بدەم بە ئەرمەن**

مامۆستا بێسارانی

ئەر لەبی لاڵت بدەو بە کشمیر
ئەر بدەو بە هیند سیلسیلەی زنجیر
ئەر سیبی زەنەخ گوڵ خونچەی دەهان
بدەوش بە یەکسەر تەمامی جیهان
ئەر پا و پوزت بدەو بە گە نجە
ئەر بدەو بەمیسر ئەو دەست و پەنجە
ئەر بەژنی باڵات بدەو بە ئێران
سەد هەزار کەڕەت یانەم بۆ وێران
سەراسەر عومرم گرد شۆ بە تاڵان
جاگەم نەبەڕ بۆ نەپای ئەودالان
پەی چێش جەلای من باڵا زەڕستوون
تەنیا تۆ هەنی نە ڕووی دنیای دوون

ئەگەر لێوی بێدەنگت بدەم بە کێشمیر
گەر بیدەم بە هێند زۆڵفت وەک زنجیر
گەر سێوی گۆنات، گۆڵ غۆنچەی لێوت
بیدەم سەراسەر بە هەموو جیهان
ئەگەر پا و پووزت بدەم بە گەنجە
گەر بیدەم بە مێسر ئەو دەست و پەنجە
گەر بەژن و باڵات بدەم بە ئێران
سەد هەزار کەڕەت ماڵم بێت وێران
سەراسەر تەمەنم بڕوات بە تاڵان
جێگام سەحرا بێت لە پای عەودالان
تەنیا بۆ تۆیە باڵا زێر پایە
بەس هەر تۆم هەیە لەم دونیا هیچە

لە کۆتایدا بەم شیعرەدا ئەزانین کە بێسارانی کەسێکی بە ئاگا بووە لە دونیا و دەورو بەری و شارەزا بووە بە جۆگرافیا و وڵاتانی بە باشی ناسیوە.
هەموو ئەو وڵاتانە و جیهانیش ناگۆڕێتەوە بە یارەکەی و ئەشقەکەی و ئەمەش نیشان ئەدات کە بێسارانی تا چ ڕادە کەسێکی زەمینی و ئاشق بووە و لەوە ناچێت سەر بە هیچ دین و ئایینێک بووبێت.
وشەی ئێشق لە ئەدەبیاتی فارسیدا زۆرتر لە سەدەی پێنجەم بەم لاوە دێتە نێو ئەدەبیاتی فارسیەوە و کاتێکیش دێت ئەڕواتە نێو عێرفان و سۆفیگەریەوە و ئاسمانی ئەبێتەوە و ئەبێت بە ئێشقی حەقیقی. هەر چەن لە ژێر ناوی ئێشق و عێرفان دا زۆر چتی تر ڕوو ئەدات کە ئەڕواتە خانەی « شاهد و شاهد بازی» یەوە.

بەڵام ئەوەی لە بێسارانی دا ئەیبینین ڕێک ئێشقێکی زەمینی و ئاشنایە کە نایگۆڕێتەوە بە هیچ چتێک نە دین و نە دونیا.

حەمید شەریفی
هەڵەبڕ: ئۆمێد عەبدوڵاهی

2022